# Stop the War Coalition

## خۆپیشاندان لە پێناوی ئاشتی و ئازادی دا

**وەرگێرانی: ئازاد ئارمان**



**خۆپیشاندان لە پێناوی ئاشتی و ئازادی دا**

**24ی سبتێمبەر، کۆبونەوە لە سەعات 12 ی نیوەڕۆ، لە بازنەی پەرلەمان کۆلیژی کەسک، لە لەندەن.**

**خۆپیشاندانەکە بە ڕێپێوان دەروات بەرەو پارکی هاید.**

**ئەم خۆپیشاندانە لە لایەن ئەم لایەنانەوە بانگەوازی بۆ کراوە:**

- Stop the War Coalition
- Campaign Nuclear Disarmament
- Muslim Association of Britain

## ئەم بۆمبانە ڕاگرن – ئەم جەنگە ڕاگرن

(شەڕ لە دژی تیرۆریزم)ی جۆرج بوش و تۆنی بلێرە، جیهانی زیاتر خستۆتە بەردەم مەترسی یەوە. لە سەدا 85 ی خەڵکی بەریتانیا باوەریان وایە بۆمبەکانی لەندەن پەیوەندی هەیە بە کێشەی عێراقەوە. ئەم زانیاری یە لە لایەن سەنتەری لێکۆلینەوەی تیرۆریزم ئەنجام دراوەو راگەێندراوە.

## بەرگری کردن لە جالیەی موسڵمانەکان

ئێمە ئەم بۆچوونە رەتدەکەینەوە کە پێی وایە تیرۆریزم لە دەمارگیری ئیسڵامەوە هاتووە. بە قەت ئەوە راستە وەکو ئەوە وایە بڵێت جۆرج بوش پەیرەوی لە فەندەمانتالیزمی کرستیانەتی دەکات لە سیاسەتی دەرەوەی دا. تۆنی بلێرە کاتێ باسی " ئایدیۆلۆژی شەیتانی" دەکات کاردانەوەیەکی توند لە دژی موسڵمانەکان دروست دەکات. هێرش بۆ سەر موسلمانەکان بە ڕێژەی لە سەدا 600 دەچێتە سەر. پێویستە بە ڕۆشنی و بە دەنگی بەرز بڵێین: نە موسڵمانەکان و نە ئیسڵام موشکیلەن. بەڵکو کێشەی ڕاستەقینەیە ڕەگەکانی تیرۆریزمە لە سەر گۆی زەوی.

## بەرگری کردن لە ئازادی یە مەدەنی یەکان

ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان دەتوانن خەڵک بکوژن و لە کاری بخەن بەڵام هەرگیز ناتوانن ئازادی یە سیاسی یەکانمان لێ زەوت بکەن. تەنها دەوڵەتەکانی خۆمانن دەتوانن ئەم کارە بکەن. بلێرە دەڵێت ئەو نیگەرانە بۆ " بەرگری کردن لەو شێوە ژیانەی ئێمە" بەڵام پرۆژەکەی ئەو ئازادی یە بنچینەیی یەکانمان لێ زەوت دەکات. هەر ئێستا پیاوێک ژیانی بوو بە قوربانی لە پێناوی "دەسەڵاتی زیاتری پۆلیس" ئەگەر ئەم پەیامە تازەیەی ئەوان بڕواتە پێش ناعەدالەتی زیاتر میوانی هەموو مان دەبێت.

## گێڕانەوەی سەربازەکان بۆ وڵات تاکو ساڵی تازە

پێویستە ئێمە چەند بەرابەر هەڵمەتەکەمان زیاتر بکەین لە پێناوی کێشانەوەی سوپای بەریتانیا لە عێراق دا. زەرورە ئەم کارە بکەین، نەک تەنها لە بەر 7ی جولای، بەڵکو چونکە کارێکی دروستە. کارێکی دروستە چونکە 100 هەزار کەس لە خەڵکی ئاسایی مردن. کارێکی دروستە چونکە بۆتە هۆی تێکچوونی باری ئابووری و کۆمالایەتی دوای 2 ساڵ لە داگیرکاری. کارێکی دروستە چونکە ئەشکەنجەدان و ڕیسواکردنی خەڵکی مەدەنی ئاشکرا بوو لە ئەبوغرێب و کەمپی برێدباسکت. کارێکی دروستە چونکە ئەو هۆیانەی شەڕیان لە سەر

دروست کرد نیشانی دا هەمووی ناراست بوون.کارێکی دروستە چونکە ئەو شەڕە ناقانوونی بوو و داگیرکاری هەتک کردنی یاسای نێودەوڵەتی بوو. کارێکی دروستە چونکە 92 سەربازی بەریتانیایی کوژران و سەدانیان بریندار بوون.

سەرنج: بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی سەردانی ماڵپەڕی "هاوکارانی ڕاگرتنی جەنگ" بکەیت لە ڕێگەی ئەم ناونیشانەوە:

www.stopwar.org.uk

Stop the War Coalition